


وەختێ ئاسمان

چەنجاڵە بە فڕینی پەلەوەر و

ئاو بە مەکری ماسی و

من بە عیشقی پەریزادێکی نیشتیمان

یادەوەریت ئەی خاک

یادەوەریت ئەی دۆست

ئەم هەناری بوونە چەن ترشە بەنەبوون ، شەقار دەکا !

ئەم مانگەشەوی گوێ بانە ،

چەن ڕۆشنە بە گوێزانی خەتاو گوناه بە تار دەکا !

یادەوەریت ئەی دۆست

تەمەن دەکا ،بەژێر گەردەلوولی گوڵ چامەوە

سەراب دەکا ، بەژێر شکۆفەی چڵەوە

یادەوەریت ئەی دۆست

غەزایەکە لە مێخۆشی !

سڵاو ئەی هەرمێلەترین ئافرەت ،

چەمیلە ژن

ئەی مزترین مەخلووقی خودا ،

چەمیلە ژن

تۆپێت وابێ ،

هەتا تەمەن بۆژوور بکشێ

ئاسمانی من

لەهەسارەی تۆ چۆڵ نابێ

ڕووباری من لە ماسی تۆ

دۆزەخی من لە یادی تۆ

قەڵەمی من لەزکری تۆ

هەناسەی من لە عەتری تۆ

ئیمانی من لە سوورەتی

چاوانی تۆ

خاڵی نابێ

ئەی ئەی چەمیلە ژن !!!

ڕێبەندانی 2006/ ئەڵمانیا